## مامۆستا صاڵح ژاژڵەیی بۆ لڤین

# هەڵبژاردنەکانی یەکێتی ناشەرعییە

## کوتلەی مام جەلال بۆ بەدەستهێنانی دەنگ هێز بەکاردێنن

## بەڵام کوتلەی کاک نەوشیروان پارە بەکاردەهێنن

دیداری ئەحمەد میرە

فۆتۆ : هێمن عەبدولقادر

دەستەگەری لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەوەدا نەماوەتەوە کە تەنها لەناوخۆی ئەو حیزبەدا قسەی لەسەر بکرێت. بەڵکو ئێستا یەکێک لەو بابەتانەی کە جێگەی بایەخی میدیای کوردییە. چونکە تارادەیەکی زۆر ئایندەی ئەم حیزبە پەیوەستە بە بارودۆخی ئەم هەرێمەوە. هەموان دەمانەوێت ئەوە بزانین کە دوای هەڵبژاردنەکان یەکێتی نیشتمانی بەکوێ دەگات ؟ ئایا دوو دەستەی سەرەکی ئەو ململانێ ناخۆییەی یەکێتی کامیان گرەوی هەڵبژاردنەکان دەباتەوە ؟ ئایا ئەم هەڵبژاردنە دەتوانێت یەکێتی نیشتمانی لەوتەنگژەیە رزگاربکات کە تێیکەوتووە ؟ هۆکاری سەرەکی ئەم دەستەگەرییە بۆچی دەگەڕێتەوە ؟ ئایا تا چەند بەرپرسی دەستەکانی ناو یەکێتی لێپرسراون بەرامبەر بە ئایندەی حیزبەکەیان ؟ ئەو پێشێلکارییانە چین کە لە هەڵبژاردنەکانی یەکێتیدا روویانداوە ؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە و زانینی هێڵی گشتی ململانێی ناو یەکێتی (لڤین) ئەم دیدارەی لەگەڵ بەڕێز مامۆستا صاڵح ژاژڵەیی کادری پێشکەوتووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بەرپرسی پێشووتری ئیدارەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەنجامدا.

**لڤین: هەڵبژاردنەکانی نێو رێکخستنەکانی یەکێتی بە بروسکەیەکی مام جەلال وەستا، تۆ هۆکاری وەستانەکە بۆچی دەگێڕیتەوە ؟**

مامۆستا صاڵح: بەڕاستی من دوێنێ بیستم کە ئەوە بووە، ناتوانم وەڵامێکی رۆشن بدەمەوە، بەڵام پێموایە هۆکار ئەوە بووبێت کە کۆمەڵێك خروقات هەبووە و هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی سروشتی نەرۆیشتووە، لەهەندێ شوێن تەماعی پارە خراوەتە بەردەم هەندێ کەس لەپێناوی ئەوەدا دەنگەکە بدا و هەندێ جاریش بەتوندی بەکارهاتووە و سەرئەنجامی باشی نەبووە، جا مام جەلال خۆی لێرە نییە و حەزدەکات خۆی بێتەوە و لەشتەکان بکۆڵێتەوە و ئەوەیان نازانم چونکە شتەکە زۆر تازەیە.

**لڤین : بەبڕوای تۆ هۆکاری وەستانەکە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە کوتلەکەی مام جەلال لە غیابی خۆیدا لەلایەن کوتلەکانی ترەوە زەختی لێکرابێت، بۆیە مام جەلال ئەم بروسکەیەی کردبێ ؟**

مامۆستا صاڵح : کوتلەکانی تر هەر یەك کوتلەن و بە پێچەوانەشەوە، ئەوەشی کە من دەیبیستم ئەوەیە کە کوتلەکەی مام جەلال زیاتر زەخت دەکات، بەحوکمی ئەوەی هێزی پێشمەرگە وجودیان لە شوێنی دەنگدانەکاندا هەیە، لایەنەکەی تر پارە بەکاردێنن، هەر بۆیە گلەیی زیاتر لە کوتلەکەی مام جەلال هەیە.

**لڤین: بەو حوکمەی کە راگەیاندن و پێشمەرگە و مەکتەبی رێکخستن و رێکخراوەکان لەلایەن کوتلەی مام جەلالەوە**



**سەرپەرشتیدەکرێن واتە هەڵبژاردنەکانیان کۆنترۆڵ کردووە ؟**

مامۆستا صاڵح : ئەمە مانای ئەوە نییە کە لەلایەن ئەوانەوە کۆنترۆڵکراوە، بەڵکو ئەوان بەپەرۆشەوەن و دەیانەوێت خەڵك والێبکەن زیاتر دەنگ بەوان بدەن، ئەگەری ئەوە هەیە تەماع بدەنە بەرخەڵك، من زۆر شتم بیستووە و وتویانە فلانەکەس پێنج وەرەقەی دەدەینێ و تۆ وەرە (20) وەرەقەت دەدەینێ، ئەم قسانە زۆر دەکرێن و بەڵگەی مەلموسیش نییە و پێشموانییە هەموو ئەو قسانە درۆبن و راستییان تێدایە، پێموایە هەڵبژاردن بەوجۆرە بکرێت هیچ ئەنجامێکی نابێت.

**لڤین: بە بڕوای تۆ ئەم هەڵبژاردنە چ کاریگەرییەکی لەسەر داهاتووی یەکێتی دەبێت ؟**

مامۆستا صاڵح : زۆر دەمێکە هەوڵدەدرێت ئەم هەڵبژاردنە بکرێت و چاکسازییەك لەنێو ریزەکانی یەکێتیدا بکرێت، زۆر کاریشی بۆ کرا، بەڵام من زۆر جاریش وتوومە ئەم هەڵبژاردنە ئەو کاریگەرییەی نابێت، چونکە کێشەکانی رێکخستن لە ئاستی مەڵبەندەکان بۆ سەرەوەیە، هەڵبژاردنەکان تا مەڵبەندەکان دەچێت، بەڵام ئەسڵی کێشەکان لەسەرووترە، بەڕای من ئەوەی روودەدات دوو شتە، یەکەمیان ئەوەیە کە کۆمەڵێك دەموچاو دەگۆڕێت، دووەمیش ئەوەیە کە کوتلەکانی نێو یەکێتی زەق دەبنەوە، جاران هەر قسەی لێدەکرا ئەوەی ریفۆرمیستە و ئەوەی کوتلەی مام جەلالە، بەڵام ئێستا خەریکە وەك دوو حیزبی جیاوازی لێدێت. هەڵبژاردنیش باسکردن لەداهاتووی یەکێتی و فەلسەفەی یەکێتی و رێڕەوی یەکێتی نییە، بەڵکو باسکردنە لەسەر ئەوەی کە تۆ دەنگ بە کوتلەی من دەدەیت یان بە کوتلەی ئەو، بەبڕوای من ئەمە لاوازکردنی یەکێتییە، تا ئێستا من و تۆ یەکبووین و ئێستا لەیەك جیادەبینەوەو دەبین بە نیوە، بەبڕوای من هەڵبژاردنەکە یەکێتی لاوازکردووە.

**لڤین : واتە کاریگەری سلبی هەبووە ؟**

مامۆستا صاڵح : مادام بوو بە کوتلە و کوتلەکاری لەسەر بنەمایەکی شایستە نییە. بەڵێ، کاریگەری سلبی دەبێت و ئێستا لەسەر بنەمایەکی شایستە دەنگ نادرێت بەڵکو کوتلە و کوتلەکارییە، هەڵبژاردن بۆ ئەوەبوو کە گەندەڵی کەمبکاتەوە بەڵام گەندەڵییەکەی زیاترکرد، لەم حاڵەتەی ئێستادا گەندەڵ و مووچەخۆرەکان باشتر جێگەیان دەبێتەوە، ئەگەر هەڵبژاردن بەرێکوپێکی بکرایە دەبوو باشترین خەڵك هەڵبژێرین و ئەوانیش گۆڕانکارییان بکردایە بەوەی خەڵکی گەندەڵ و پیاوخراپ لابەرن و خەڵکی باش بێتە پێشەوە.

**لڤین: ئەی هەڵبژاردنەکە کاریگەری چییە بۆ سەر داهاتووی کوتلەکانی نێو یەکێتی، پێتوانییە دوو حیزبی جیاوازی لێبکەوێتەوە ؟**

مامۆستا صالح: بەبڕوای من هەتا بەڕێز مام جەلال بمێنێ یەکێتی لەوە بەدوور دەبێت ببێت بە دوو حیزبی جیاواز، بەڵام لەدوای نەمانی مام جەلال یەکێتی دوارۆژێکی نادیاری دەبێت، چونکە لەناو یەکێتییدا مەرکەزییەتێکی بەهێز نامێنێ، لەناو یەکێتیدا ناوەندی دەسەڵات زۆرە و هیچیان نایانەوێت تەنازول بۆ یەکتری بکەن، لەبەرئەوە یەکێتی دەبێت بە کۆمەڵ کۆمەڵ و هەندێکیش دادەنیشن.

**لڤین: ئەی کەسایەتییەکانی نێو یەکێتی ( کاک نەوشیروان، کاک کۆسرەت) هەست بەم مەترسییە ناکەن لە داهاتووی یەکێتی ؟**

مامۆستا صالح: کاک نەوشیروان تەمەنی هاتۆتێ، تواناکەی لەڕێگەی جەسەدییەوە ڕێگەی پێنادات، کاک کۆسرەتیش بە هەمان شێوە، ئەمانە هەستی پێدەکەن، نوێبوونەوەی یەکێتی بەوە دەبێت کەکەسایەتییەکانی وەك مام جەلال و کاک نەوشیروان و کاک کۆسرەت دانیشن، دەبێت سەرکردایەتی بدەنە دەست کۆمەڵێك کەسی تر و ئەوان وەکو مامۆستا سەرپەرشتی بکەن، بەڵام ئێستا کێشەکە ئەوەیە کۆمەڵێك بەلای مام جەلالدان و کۆمەڵێکیش بەلای کاك نەوشیرواندان کەسایەتییەکانی تریش لەناو ئەم کوتلانەدا لاواز دەبن، گەر وابڕوات یەکێتی لاواز دەبێت و بەمشێوەیە دوارۆژێکی ڕووناك بۆ یەکێتی بەدیناکەم.

**لڤین : گەر کاک نەوشیروان و کاک کۆسرەت هەست بەم مەترسییە دەکەن بۆ ئەم شەڕە لەگەڵ مام جەلالدا دەکەن ؟**

مامۆستا صالح : ئەوان دەڵێن مام جەلال هەموو شتەکانی خستۆتە ژێردەستی خۆیەوە و هیچی بۆ کەس نەهێشتۆتەوە و ئەوەش کارێکی باش نییە، کەس لاری لەوە نییە کە مام جەلال سکرتێری گشتی بێت بەڵام نابێت هەموو شتەکان بەدەستی ئەو بێت، مام جەلال سکرتێری گشتییە، سەرۆك کۆمارە، لە زۆربەی شوێنەکان نوێنەری مام جەلال هەیە، لە مەڵبەندەکان لە مەکتەبی ڕێکخستن، ئەمە بێڕوایی دروستدەکات. ئەوان دەڵێن یەکێتی نوێدەکەینەوە، خەڵکی بەتوانا دێنینە پێشەوە، کۆمەڵێك خەڵك خۆیان خستۆتە پاڵ مام جەلال کە گەندەڵییان زۆر کردووە و قسەیان لەسەرە لە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و پێویست ناکات ناوی کەس بەرم، کاتێك حکومەت لێرە بوو کۆمەڵێك خەڵکی گەندەڵ لەناو حکومەتدا هەبوون، لەبەر کوتلەکاری موحاسەبەنەکران، مەعقول نییە لەماوەی پانزدە ساڵدا یەکێك لەسەر گەندەڵی ساق نەبوویەوە تا حکومەت سزای بدات، کۆمەڵێك لە پاڵ مام جەلالدا خۆیان حەشارداوە و کار بۆخۆیان دەکەن، ئەمە زەمینەی بۆ گەندەڵی خۆشکردووە، ئەمانە بۆ چارەسەرکردنی گەندەڵی هەڵبژاردنیان بە باش زانی، هۆکارێکی تر ئەوەیە کە یەکێتی کۆمەڵێك کادری زۆری هەیە و بووە بەبار بەسەرییەوە، ویستیان کەمی بکەنەوە، بەڵام ئەو بڕیارەیان سەرنەگرت، من بیستم وتیان کاك نەوشیروان هەندێك لە فەرماندەکانی سجن کردووە، چونکە چوونەتە ناو مەڵبەندەکانی دەنگدان و خەڵکیان ترساندووە، کە کار گەیشتە ئەوە، واتە هەڵبژاردنەکە لە ئاستی پێویستدا نیە و دەشتوانم بڵێم هەر شەرعی نییە. کەسی شایستە ناچێتە سەرەوە، خەڵك هەیە بەپارە دەرچووە و هیچ نازانێ، بۆ ! بەڕای من ئەم هەڵبژاردنە یەکێتی نەیکردایە باشتر بوو، لەسەر ئاستی سەرکردایەتی و لە هەموو ئاستەکاندا خەڵکی گەندەڵ هەیە لەناوهەموو ماڵەکاندا خۆیان شاردۆتەوە، بەڵام ڕەنگە لەلاکەی تر زیاتری تێدابێت کاك نەوشیروان و ئەوان پێیانوایە لە ئەنجامی ئەم تەکەتولاتەدا ناتوانرێت ئەو خەڵکانە موحاسەبە بکرێن، جاری واش هەبووە مام جەلال ڕێگربووە لەوەی کە ئەمانە موحاسەبە بکرێن، من بڕوام وایە ئەم هەڵبژاردنە گەندەڵی زیاتر کرد، من لەنوسینەکانیشمدا وتوومە دەنگدان بە کوتلە و کوتلەکاری واتە زیادکردنی زەمینەی گەندەڵی.

**لڤین: تۆ لە مەقالەیەکی هاوڵاتیدا باس لە حیزبی بنەماڵە دەکەیت و پێتوایە یەکێتیش بەجۆرێك لە جۆرەکان حیزبی بنەماڵەیە، ئەو کوتلەیەی کە لە مام جەلالەوە دێتەخوارەوە بۆ هێرۆخان و پاشان هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد پێت وانیە ئەمە هۆکاری سەرەکی ئەم وەزعەی یەکێتی بێت ؟**

مامۆستا صالح: دەمەوێت ئەوەت پێبڵێم کێشەکانی نێو هەمو حیزبەکان لەسەر بنەمای دەسەڵاتە، کاتی خۆی جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی لە پارتی کە بەڕێز مام جەلال و برایم ئەحمەد بوو، لەسەر ئەوە بوو گوایە خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا کەسێکی عەشایەر و بێتوانایە و دیکتاتۆرە و هەموو شتێکی بۆخۆی کۆنترۆڵکردووە، هەتا ساڵی (75) بزووتنەوەی کوردایەتی بە دوو ئاراستەدا ڕۆیشت، دوای ساڵی 1975 یش یەکێتی دەستی کردەوە بە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش، هەتا ئێستا هیچمان بۆ مەعلوم نەبوو کە گەیشتینە ئەو ئاستەی ڕزگاریمان بەخۆمانەوە دی و دەسەڵات کەوتە ژێردەستی خۆمان و داموودەزگامان هەیە، مام جەلال لە پێشمەرگایەتییەوە بوو بە سەرۆك کۆمار، بەڵام کە دەبینم کوتلە و کوتلەبازی هەیە و مام جەلال دەیەوێت کوتلەی هەبێت و خەڵکی لەگەڵدابێت، کەواتە دەرکەوت ئەو شەڕە لەسەر دەسەڵات بووە نەك بیروباوەڕ، ئەگەر ئەوسا ئەوانە فیکریان عەشائیری بووبێت ئەی ئێستا چی ؟!

**لڤین: پێتوایە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە ؟**

مامۆستا صالح: من وایدەبینم، چونکە شەڕ لەسەر دەسەڵاتە و جارێکی تر دووبارە دەبێتەوە، گەر مام جەلال و کاك نەوشیروان و کاك کۆسرەت بڵێن ئێمە تەمەنمان هاتۆتێ و ئەوەی لەپێناویدا خەباتمان دەکرد هاتۆتەدی و ئێمە لەپێناوی سەربەرزی میللەتەکەماندا هەوڵماندا، ئەم کێشانە ڕوونادات، کەواش ناکەن کەواتە کێشەکان لەسەر دەسەڵاتە. مام جەلال نایەوێت دەسەڵاتەکەی لەدەستبڕوات، دەیەوێت تا بمێنێت دەسەڵات لە دەست خۆیدا بێت، مادام خەڵکی موعارەزەش هەبێت و نەیەوێت بەمشێوەیە بێت کەواتە کێشە دروستدەبێت، لەم هەڵبژاردنەدا مام جەلال دەیەوێت لایەنی خۆی سەرکەوێت و لاکەی تریش دەیانەوێت ئەوان سەرکەون، هەڵبژاردنەکە لەوە دەرچووە کە بۆ تازەکردنەوەی یەکێتی بێت، فەلسەفەکەمان بگۆڕین، ناوخۆمان بگۆڕین، عەلاقاتمان بگۆڕین، هیچ بۆ ئەمانە نییە.

**لڤین: بەپێی ئەو بۆچوونانەی کە باستکرد، حەزی دەسەڵات لای مام جەلال هۆکاری سەرەکی کێشەکان بێت ؟**

مامۆستا صالح: مام جەلال حەزی لە دەسەڵاتە، ئەگەر حەزی لە دەسەڵات نەبوایە دەبوو داوای بکردایە و حەزی بکردایە دابنیشێ. ئەگەر من بوومایە، لەو ڕۆژەی کە مام جەلال بوو بە سەرۆك کۆمار دەمووت: ئەوەی من خەباتم بۆ دەکرد هاتە دی، وەکو یەکێتی چۆنم حسابدەکەن بیکەن، بەڵام گشت کاروبارەکان خۆتان بیبەن بەڕێوە ئەگەر مام جەلال ئەوەی بکردایە ئەمانە هیچی ڕووینەدەدا مام جەلال حەزی لە دەسەڵاتە، ئینکاری لەوە ناکرێ، لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا هەروایە، کەسم نەدیوە سەرۆك بێت و خۆی وازی لەو دەسەڵاتە

هێنابێ، دوای خۆیشی دەبێت کوڕەکەی جێگەی بگرێتەوە ئەگەر کوڕەکەی نەبوو دەبێت کەسێکی نزیك بێت، ئیتر گوێ بەوەنادەن حکومەت وێران دەبێت. حوسنی موبارەك ویستی کوڕەکەی لەجێی خۆی دابنێ، حافز ئەسەد خۆی ڕۆیشت و کوڕەکەی هاتە جێگەی، باشە لە سوریا پیاوی تیانەبوو، لای پارتی سەرکردایەتی بڕاوەتەوە و کەس مونافەسەی ماڵی مەلا مستەفا ناکات بۆ دەسەڵات، دەسەڵاتی مەرکەزی لای ئەوانە، کێشە و گەندەڵی لەناو پارتیدا زیاترە، بەڵام ئەوە هەیە کە کۆمەڵێك شتی شاردۆتەوە، کێشەکە لەناو یەکێتیدا ئەوەیە کە مەرکەزییەت نییە..

**لڤین : بەو بارودۆخەی یەکێتییەوە کە ئێستا تێیکەتووە، فەلسەفەی سۆسیال دیموکرات چ بایەخێکی هەیە ؟**

مامۆستا صالح : باسکردنی سۆسیال دیموکرات و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ماف و ئەمانە لەناو زیاتر هیچ بایەخێکی تریان نییە، گەر هەر حیزبێك بەکاری بێنێ، دەکرێ ئەندام پەرلەمانێك (5)ملیۆن دیناری هەبێت و کەسێکیش لەم شارەدا مانگی (100)هەزار دیناری هەبێ کە تەنها بەشی میوەکەی ناکات، عەدالەتی کۆمەڵایەتی کەی بەمجۆرە دێتەدی.دیموکراسی بە قسە نایەتەدی، دیموکراتیەت و مافی ژنان و مافی مرۆڤ پرۆسەیەکە دەبێت بەردەوام کاری بۆ بکرێت کەواتە سۆسیال دیموکرات بە قسە نابێت.

**لڤین: پێتوانییە ئەم بارودۆخە یەکێتی بەرەو دیکتاتۆرییەت بەرێ ؟**

مامۆستا صالح: بە پێچەوانەوە یەکێتی بەرەو لاوازی دەچێت، من ترسی شتێکم هەیە، لاوازبوونی یەکێتی دەبێتە هۆی بەهێزبوونی پارتی، تای ترازووەکە لاسەنگ دەبێت و خەتەرێکی گەورە دەکەوێتە نێو بزووتنەوەی کوردایەتی، چونکە زەرورە کە یەکێتی و پارتی هاوسەنگ بن، گەر پارتی هێزی پەیداکردوو لەهەڵبژاردن بردییەوە، ئەوسا دەیەوێت یەکێتی هەر هێزی نەمێنێ و و ئەوساکەش ترسی شەڕی براکوژی دەبێت لەلایەکی ترەوە بەرامبەر دوژمن بێهێز دەبین.

**لڤین: دەڵێن پارتی لەم هەڵبژاردنەدا هاوکاری کوتلەی مام جەلال دەکات ؟**

مامۆستا صالح: من وای نابینم، پێموایە ئەوان خۆیان ئامادەکربێ بۆ پێشوازی ئەوانەی کە لە یەکێتی دەتۆرێن، بە ئامادەباشیەوە کار بۆ ئەوانە دەکات کە لەناو یەکێتییەوە لاواز دەبن و هەوڵدەدات سوود لە لاوازبوونی یەکێتی وەرگرێ.

**لڤین: بەبۆچوونی تۆ پیلانی پارتی بۆ ئەو دووبەرەکیەی یەکێتی چییە ؟**

مامۆستا صالح: من وای نابینم پارتی پیلانێکی ئەوتۆی هەبێت، چونکە یەکێتی خۆی سەبەبی حاڵەتەکەیە. یەکێتی ئەگەر بیەوێ لەماوەیەکی زۆر کەمدا کێشەکان چارەسەر دەکات. کێشەکان لەخوارەوە نییە، کاك نەوشیروان نایەوێت هەموو دەسەڵاتەکان لای مام جەلال بێت، مام جەلالیش چەند بۆی بکرێت دەیەوێت دەسەڵات لای خۆی بێت.

**لڤین: پێتوانییە یەکێک لە کوتلەکان کوتلەکەی تر بخوات ؟**

مامۆستا صالح: وا هەستناکەم چونکە وەك دەبینم و دەبیستم کوتلەکان لەیەکەوە نزیکن، پێشموایە هەردووکیان هاوسەنگ بن باشترە بۆ بارودۆخی یەکێتی وبۆ کوردیش، چونکە گەر کوتلەی مام جەلال 70٪ بێنێ ئیدی حساب بۆ لایەنەکەی تر ناکات، جا لایەنەکەی تر دەبێت لەسەر بەڕەی خۆی دابنیشێت یان بەملاولادا بڕۆن.

**لڤین: تۆ وای نابینیت کە کاک نەوشیروان بە مام جەلال بڵێت مادام تۆ سەرۆک کۆماری عێراقیت ئیدی دەبێت سکرتێری گشتی بۆ من بێت ؟**

مامۆستا صالح: قەت کاك نەوشیروان شتی واناڵێ، ئەو یەکەم کەسیشە کە بەربەرەکانێی مام جەلال دەکات لە بیروباوەڕو قسەکردندا بەڵام هەرگیز لەخەتی سور تێناپەڕێ، کاك نەوشیروان لەبیری ئەوەدا نیە بچێتە شوێنەکەی مام جەلال ئەو دەیەوێت دەسەڵات لەدەستی یەك کەسدا نەبێت، کاك نەوشیروان هەمو کاتێ مام جەلالی بە سکرتێری گشتی و براگەورەی خۆی قبوڵە، پێشدەچێ مام جەلال بە هەڵە لە کاك نەوشیروان تێگەیشتبێ، ڕەنگە دەوروبەرەکەی مام جەلالیش وای تێبگەیەنن، کاك نەوشیروان هەمیشە مام جەلال بە پێویست دەزانێ.

**لڤین: بەڵام مام جەلال ئەو بەپێویست نازانێ؟**

مامۆستا صالح: مام جەلالیش ئەو بەپێویست دەزانێ، بەڵام حەزدەکات هەرخۆی دەسەڵاتی هەبێت.

**لڤین: مامۆستا تۆ لەگەڵ کام کوتلەدایت تکایە ڕاشکاوانە وەڵام بدەرەوە ؟**

مامۆستا صالح: من دژی کوتلەم، من حەزدەکەم لەناو حیزبدا کادیرەکان وا ڕابهێنن کە دەنگ بە چاکترین کەس بدەن، لای من کوتلە وەك ئەوە وایە کەسێك بکەیت بە دوو کەرتەوە، پاکسازی و چاکسازی بەوە دەبێت کە کەسە چاکەکان بەرێتە پێشەوە ئەوانەی کە دەتوانن گۆڕانکاری بکەن و دزنین و بۆ یەکێتی دەسوتێن، یەکێتی حیزبێکی خاوەن مێژووە، پێم ناخۆشە ئاوا بڕوات.

**لڤین: ئەمانە ئاماژەن نین بۆ ئەوەی کە یەکێتی بەبەرییەوە نەماوە؟**

مامۆستا صالح: یەکێتی بەبەرییەوە ماوە، بەڵام نەیانتوانی نوێی بکەنەوە، کێشەکانی یەکێتی لە سەرکردایەتیدان و دەبێت نوێکردنەوە لە سەرکردایەتی بێت، کێشەکان لەنێوان کاك کۆسرەت و مام جەلال و کاك نەوشیروان دایە، کێشەکان بەم سێ کەسە دەبڕێتەوە، ئەم سێ کەسە بەرپرسیارن،دەتوانم بڵێم ماڵی مەلا مستەفا بوونە بنەماڵەیەکی مۆدێرن، مەسعود بەرزانی گەرخۆی زۆر نەزانێت پرس و ڕاوێژ زۆردەکات، ئەو خەڵکی زۆرباشی لە دەوردایە، بەڵام لەناو یەکێتیدا کێشەیەك هەیە، مام جەلال گەر مستەشاریشی هەبێت گوێی بۆ ناگرێت.

**لڤین: جەنابت لەسەر داوای کاک نەوشیروان گەڕایتەوە کوردستان ؟**

مامۆستا صالح: نەخێر لەسەر داوای کەس نەهاتمەوە.

**لڤین: دەڵێن قسەکانی تۆ شەڕەپۆستە ؟**

مامۆستا صالح: ئەوەی من لە ژیانمدا بە ئاواتیەوەنیم پۆستە، بەڵام پێم ناخۆشە خەڵکانێکی زۆر لەناو یەکێتدا ماندووبوون و ئێستا پەراوێزخراون، بەڵام کەسێکی تر لەسەر ئەساسی کوتلە و کوتلەکاری بچێتە پێشەوە، ئەو کەسانەی کە دادەنرێن لە دائیرەکاندا لە فەرمانبەرێکی بچوکەوە تا وەزیرێك لەسەر بنەمای شارەزایی دانانرێ. بەڵکو لەسەر بنەمای عەشیرەتگەری و خزمایەتی و تەکەتولچییەتی دادەنرێ، نەتوانراوە ئەو هەموو موستەشارەی دەستیان لە ئەنفالکردنی خەڵکی لە کوردستاندا هەبوو دادگایی بکرێن، شێخ جەعفەر پیاوی ئەم شارەی ئەهێناو لە سێدارەی دەدا، بەڵام لەبەر ناتەبایی یەکێتی و پارتی نەتوانرا دادگایی بکرێ، ئەو پێشمەرگەیەی کە دوێنێ خەڵك بە ئاواتەوە بووناوی بێنێ ئێستا خەڵك ڕقی لێیەتی و حەزناکات ناوی ببیستێ، چونکە سەیر دەکات هاتووە و هەموو شتێکی بۆ خۆی دەوێ.